# یادگاریەکانی ڕۆژانی جەنگ

ئارام قەرەداغی
Aram_qaradaghi@hotmai.com

بەمەدای تروسکایی
هەناسەکانی چاو تا بڕەدەکات
هەموی ئالاّ مۆرەکانی زەمەنە
لەناو پێدەشتەکانی
دوای شەڕەکانی من و زەمەنا
مۆر ئەکاتەوە
مۆر..مۆر.. دوای جەنگ
من تاکە کەلاکی شەکەتی دوای جەنگ
پێلاّوەکانم
لەوپێدەشتی جەنگەدا بەجێهێشت
بە پێی پەتی و پارچەیەك ئاوازی ڕۆژانی جەنگەوە
گەیشتمەوە ئەم دەربەندی مت بونە
من.. جوڵەیەکم لەمتبون
کەسیفترین ڕۆحی سەرجێگای مەرگ
هەنگاو بەناو سەرابێکدا ئەنێم
کەتائەژنۆم
شڵپەی دێ لەوردبون
من پیاوێکم لەدەنگێکی دور
سەرا پا دەنگێك دور دور
دوای جەنگ
لەم سەرجێگای مەرگە
ڕستەیەك بەلای بیستنما گوزەردەکا

ڕستەیەك كە تەڕتەڕە
هێندە تەڕە
وەك بڵێی لەهەناوی ئاوەوە هاتبێ
ڕستەیەك
كەشەوانی جەنگ
وەك گولەیەكی گەرم
بەناو دڵما تێپەڕی
تاكە ڕستەیەك بۆ هەڵایسانی جەنگێكی نوێ
من.. ئێستا لەناو بیمارستانەكانی ڕۆحەوە
باس لەو كەرتبونە ئەكەم
كەجەنگ وەك پرتەقاڵێك
قوڕگمان پڕئەكا لەئاو
كەجەنگ وەك دولە پی چوالەیەك
كەرتمان ئەكا
كەرتبونێك..
تا دەستی ئەگا كەرتێك بۆ بیابان و
كەرتێكیش بەتوندترین فڕێدان بۆ ئاو
ڕەنگە كەرتێكمان لەئاوا چاكبێتەوەو
كەرتێكیشمان لەبیابانا ببێتە لم
من.. برینداترین جەنگاوەری
ڕۆژانی جەنگ
ڕۆحی من وەك شەرابێكی مۆر
پرژا بەسەر تفەنگەكانی دەستمانا

هەمیشە هێڵێك هەیە بۆ گواستنەوەی
دەنگی نركەو ناڵەی

مەیدانی جەنگی پێشو و
سەرجێگای مەرگی پاش کۆتای جەنگ
هێلێك.. کە ئازار ئەخنێتە ناو گەروتەوە
هێلێك.. کە وێنەی ون ئە پەستێتە ناو دیدەتەوە
وێنەیەك
کەئێستا تەنها لەدورەوە
سکێچێکی لەبینینما ماوە
ئەو دێت و هەزار جوڵەی کۆن
ئەکا بەژێر جێگای ئەم موعتادەدا
خوڕەی شەونمی ئەم پارچەیەی ئێرە
زۆر لەخوڕی خوێنی ڕۆژانی جەنگ ئەچێ

تا ئێستاش
ئاوازی شریخەی تیژکردنی شمشێرەکا نمان
ناوچەوانم بەرنادات
تۆ ئەی ئەوتارماییەی
کە هەرگیز نەمزانیوە کام شمشێرەبویت
ئەو شمشێرەبویت کەلەگەڵمابوی
یا ئەوشمشێرەی هەمو خوێنی ناو خەیاڵمت خاڵی کردەوە
تۆ ئەی تارمایی
ڕەنگە تێکەڵبونی تۆ بە پاسەوانەکانی خوێنی من
ڕەنگە تێکەڵبونی تۆ بە بکوژانی ئەوبونەوەرانەی
کەلەناو فڕینی منا ئەنیشتنەوە
سەرەنجامی ئەو هەمو خوێنەبێ
کە ئێستا
لەم سەر جێگای مەرگە لەبەرم ڕۆیشتوە

که ئیستا لەم بیمارستانا

بەدوای چنگیٚ سێبەرا ئەگەڕێم

تۆ ئەی تارمایی..

تۆ خاوەنی تیژترین شمشێرو

منیش کولترین

تۆ ئەتوانی شاخەکانیش ببڕیتەوە

تۆ ئەتوانی

گەر دەمارەکانم لەقەدی درەختەکانیش ئەستورتربیٚ

خوێنی لەبەر ببڕیت

منیش بەم شمشێرە کولەوە

تەنها بیر لە ئەمەلەکانی

پێش دەستپێکردنی جەنگ و

ڕۆژانی سەرەتا جەنگ ئەکەمەوە

ڕۆژانی جەنگ فێریکردین

مەلەی ناو چەندەها گۆم

بەقەد تێپەڕینێکی ناو ڕوبار

شەکەتمان ناکات

کە جەنگ تەواو ئەبیٚ

بەقەدەر یەکە یەکەی دڵۆپە خوێنە ڕژاوەکان

ناخمان جمەی دیٚ لە بەتاڵی

چەند قەرزاری خۆرەتاوەکانی

جەنگین..

ئارام قەرەداغی